وەزارەتـی نــــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 2146
ڕێکەوت : 31 / 5 / 2023

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.10- 2022) تەندەری پرۆژەی

## ( دابینکردنی کەرەستە بۆ گەنجینەی کارەبای کەلار ) بۆ جاری سێیەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســــەرجەم بەلێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســـــەرەوە هەیە , کە ئامــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێــوەبەرایەتی دابەشــکردنی کارەبــای کەلار ) , لە ســەر بــودجەی 8% داهــاتی بەڕێــوەبەرایەتی دابەشـکردنی کارەبـای کەلار خەرج دەکرێـت , هەرکەس ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیە بـا سـەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( 30 ) سی ڕۆژی تەقویمی یە.

- ئەم کەمکردنـەوە گشـتی یە بەپێـی ڕێنمـایی جـێ بەجێکردنـی گرێبەسـتە حکومی یەکـان ژمـارە( 2 ) سـاڵی (2016) جـێ بەجـێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( پێنج شەممە 1/ 6 /2023 )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( پێنج شـەممە 15 / 6 / 2023) کـاتژمێر ( 9 ) ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە (100,000 ) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بـۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( دوو شـەممە 19 / 6 / 2023 ) کـاتژمێر (11:00 )ی پـێش نیـوەڕۆ یە وە ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( 11:15 )ی پێش نیوەڕۆ یە وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشــداربوان بــۆ هەر پرســیار و ڕوونکــردنەوەیەك لەســەر تەنــدەری پــرۆژەکە دەتــوانن ســەردانی ئیـدارەی گەرمیـــان / ب. گرێبەستەکان بکەن .
- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆڵێنکردنیان ( 2 تا 9 ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەسـتۆگر (التعهـد الخطي الضـامن) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێت وە پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویسـتە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2023) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵ بوەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

جــلال نــوری عـبدالقادر
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت